# کیێ تۆوی بە عسی لە سلێمانی چاند؟

د٠کاوس عە زیز فە رە ج
زانکۆی نایمیخن-هۆلە ند

عۆدە فنێخر دلێمی مامۆستایە کی ئامادە یی کشتوکاڵ بوو لە بە کرە جۆ، لە پێش ساڵی حە فتاوە نێردرابوە سلێمانی ، لە دوای کودە تاکە ی ١٩٦٨ ە وە زیاتر دە رکە وت ٠عۆدە فنێخر پیاوێکی کورتە باڵای ڕە نگ زە رد بوو، وە ک پیشە ی عە رە بە کان زۆر لە
بە شی بینراوی لە شی بە خاڵ کوتراو بوو ، تا بڵێی لە سە رخۆو هێمن و بێدە نگ بوو، زۆر ڕێزی بە رامبە رە کە ی دە گرت لە ئاخاوتندا، زۆرم لە بارە یە وە بیستبوو بە تایبە تی لە هاورێیانی خۆشە ویستم دکتۆر حوسێن محە مە د عە زیز و کاک ئیبراهیم محە مە د
عە لی کە ئە و ساڵانە خوێندکار بوو ن لە ئامادە یی کشتوکاڵی بە کرە جۆ و هە ردووکیان ئێستا دانیشتوی ووڵاتی سویدن٠ وە ک لاوێکی ئە و سە ر دە مە و تێکە ڵ بە ڕە وشی سیاسی لە سە رە تای حە فتاکانە وە ،بە پێی ئە و ە ی بیستومە و ئاگاداریم لە ڕە وشی سیاسی سلێمانی ئە و ڕۆژانە وزانیاریە کانم ، دە توانم بڵێم کە عۆدە فنێخر یە کە م
کە س بوو کە ڕێکخستنی بە عسی لە سلێمانی دروستکرد٠ دوای کردنە وە ی زانکۆی سلێمانی و دانانی شوکری صە برى حە دیسی بە پارێزگاری سلێمانی کە دوایش
صە ددام لە سێدارە یدا چالاکیە کانی عۆدە فراوانتر بووو، عۆدە و شوکری کە وتنە
پە یوە ندی کردن بە فە رمانبە رانە وە توانیان چە ندکە سێکی کە م لە فە رمانبە ر و نوژدار بکە نە بە عسی کە شاراوە نیە لای دانیشتوانە ڕە سە نە کە ی جارانی شار ٠ دوای ڕێکە وتنی یازدە ی ئاداریش قۆ ناغێکی مە ترسیدار لە چالاکی بە عس لە سلێمانی
دە ستیپێکرد ،سە رقاڵی و کە م شارە زایی بە رپرسە کانی ئە و ساڵانە ی(١٩٧٠-١٩٧٤) ی کورد لە سلێمانی کە ئە و کاتە گومانێکی وا لە دڵسۆزیان نە بوو ئە وە ندە ی دی دە رگای بۆ بە عس واڵاکرد٠
ئیتر ناوی چە ند خۆفرۆشێکی بە عسی کە وتە سە ر زاری خە ڵکی لە سلێمانی کە
ئە و کاتە ژمارە یان لە پە نجە یە کی دە ست تێپە ڕی نە دە کرد ، لێرە دا من نامە وێت ناوی کە س بێنم چو نکە لە وانە یە نە وە کانی ئە وا نە ئێستا خە ڵکی زۆر با ش بن، نابێت گو ناهێک باپیان کردویە تی بنێینە ملی ئە وان یان بە پێچە وا نە وە، ئە وە کاری من نیە ،ئە وە ی ئە مڕۆش تێبینی دە کە م لە وا نە یە بە عسی بوون لای هە ندێک بە هە ند وە رنە گیرێت٠ دوایش عۆدە ڕاژە ی گواستە وە بۆ زانکۆ و ماوە یە کی کە م مایە وە ، لە پاشاندا چوە دە رە وە بۆ خویندنی دکتۆرا و دواتریش لە سە فارە تی عێراق لە بۆخارست دا مە زرا، دوایش بیستم کە لێیدراوە و دورخراوە تە وە ، ئیتر نازانم چی بە سە ر هات و ئێستا ماوە یان نا؟

کورد دڵی خۆش بوو بە زانکۆی سلێمانی کە ببێتە مە ڵبە ندێکی زانستی و فە رهە نگی کوردی و بە عسیش لە مە رامێکی پیسی سە رچاوە هە ڵگرتوو لە عروبە وە دە یویست زانکۆی سلێمانی بکاتە پێگە ی خۆی بۆ بە بە عسیکردن، ئیتر بە عس بە پێی پلانێکی داڕێژراو کە وتە گە را خستن لە سلێمانی و بە هێنانی خوێندکارە بە عسیە کان کە
ڕاستە وخۆ پە یوە ندیان بە دە زگا ئە منیە کانە وە هە بوو و نوسینگە ی سە رویان
دامە زراند بۆ سە رپە رشتیکردنی ڕێکخستنە کانیان٠
لە گە ڵ ئە و هە موو بودجە یە و هە و ڵدانی زۆریان، بە عس لە سلێمانی نە یتوانی پە ل و پۆ بهاوێژێ و پە رە بسێنێ بە تایبە تی لە ناو خوێندکارە کانی زانکۆی سلێمانیدا ، بە
هە موو توانایانە وە نە یانتوانی دە کە س بکە ن بە بە عسی تا ئاداری ١٩٧٤٠
لێرە دا پێم باشە بۆ ئە وە ی بیرە وە ریە کان تۆزی لە یادکردن دایان نە پۆشێت ناوی
هە ندێک لە و بە پیشە خوێندکارانە ی بە عس کە هە موو بە تە مە ن گە ورە بوو ن و لە زانکۆی سلێمانی کە ئە و ساڵانە ی دوای ١٩٧٠ چالاک بوو ن بۆ بە عس و لە هە مان کاتدا ئە منیش بوو ن بنوسمە وە ،بە تایبە تی سێ کە سیان کە زۆر دیار بوو ن و پرپرە ی پشتی بە عسی بوون لە سلێمانی هە ر یە ک لە ئیبراهیم نە داوی، ئە یمە ن نعێمی دواتر بووە بە ڕێوە بە ری ئە منی فرگە ی بە غدا، ساڵح عانی کە بێرە وشت و ئە منێکی زۆر پیس بوو لە بە عسی قە لاچۆکردنە کە ی ١٩٨١ ی زانکۆی سلێمانیدا بە و سزایە ی کە خە ڵک چاوە ڕێی بوون گە یشت، دوای ئە م سێ کوچکە یە سە باح بە هائە ددین کە تورکومان بوو کوردیشی دە زانی، بە هۆی ئە وە ی کە لە کۆلیجی چاندن بوو بە شی

په روه رده کردنی ئاژه ڵ و زۆر هاتوچۆی به کره جۆی ده کرد توانی زۆر له و کرێکارانه ی که هه ژاربوون بیانکاته به عسی و دواتریش ئه وا نه  چه کیان بۆ به عس هه ڵگرت، له و ساڵانه دا منیش خوێندکارێکی به شی ته کنۆلۆژیای خۆراک بووم له زانکۆی سلێمانی ،بڕوا بکه ن چه نده ها جار پیاوێکی قه ڵه وی پۆشته و په رداخی جلک کوردی یم ده بینی، جامانه یه کی وای به سه ستبوو مه گه ر هه ر ئه و سه ره بێ مێشکه بچێته ژێر باری وا قورسه وه، که ده هات بۆ لای به و هه موو قه ڵافه ته یه وه ده چه میه وه له
به رده میدا و زانیاری بۆ ده هێنا، له هه ر مه جلیسێکدا بتبینیایه حه تمه ن به ئاغایه کی زۆر مو عته به ر سه یرتده کرد، کێش ده ڵێت ئێستا وا نیه و نزیک فڕگه ی به کره جۆ کۆشکێکی شاهانه ی ئاوا نه کردوه ، سه با ح عه بدوڵئه میر که دواتر وازی له به عس هێناو هه ڵات، عه بدولستار محه مه د (ناسراوبوو به عه بدولستار باوه شێن له ناو
ئێمه ی خوێندکاردا، ئه و نازناوه ش من لێم نا بوو بۆ گاڵته جاڕی) ، ئه م عه بدولستاره خه ریکی به به عسی کردنی داماوو گه مژه کان بوو ،وه ک ئه وانی دی په یوه ندیشی به ئه منه وه توندوتۆڵ بوو ئێستا له زانکۆی موسڵ مامۆستایه، عه بدولحه سه ن شیعه بوو زۆر بێشه رم بوو ،که ته یه کی مل هوڕ بوو، دوایی مامۆستایه کی هاوڕیم که نه فی کرابوو بۆ باشوور بۆی گێڕامه وه که ئه و ده بابه یه ی به عس به ته واوه تی تێکشکاوه و  گۆڕاوه و که سێکی دیه!!!!! نابێت ئه وه شمان له بیر بچێت هه ر له و ساڵه نه هامه تیانه دا، کۆمه ڵێک له شۆفێرو کارمه ندانی پله نزمه کانی زانکۆی سلێمانی نه ک بونه
به عسی به ڵکو یه که یه کی تایبه تیان لێدروستکردن و به ئاشکرا بۆ چاو شکاندنی
خه ڵکی چه کیان هه ڵگرت و له بۆنه کاندا نمایشیان پێده کردن،ئه و باره ی ئه و
چه کدارانه له باری ده روونیه وه زۆر خوێندکاره کورده کانیان نیگه ران کردبوو، ئێستاش خوا ده زانێت ئه وانه چین و خاوه نی چی نین و له کام سه نگه رن و کوری به وه فای
میلله تن یان نا!!!!

دوای ڕێکه وتنی جه زائیر له ئاداری ١٩٧٥ ه وه قۆناغێکی دی له به به عسیکردن له کوردستان به گشتی و زانکۆی سلێمانی ده ستیپێکرد، ئه م قۆناغه پێنج سالی خایاند، ئه مجاره به لێشاو مامۆستای به عسیان هێنایه زانکۆ، ئه و ساڵح عانیه فاشیله بوه موعید، د٠ عه زیز ڕه مۆ مو خابه رات بوو ، ساڵی پار له سه ردانمدا بۆ زانکۆی سلێمانی بیستم که هاتۆته وه کوردستان و ده یه و یت بگه ڕێته وه زانکۆ، لای ئه و هێشتا مه لیک ماوه، ڕاستیان وتوه ئایروو دلۆپێکه که تکا تکا، زۆری دیش که ناویانم بیر نه ماوه، گه ر
ڕێبه ری ده رچونی زانکۆی ئه و ساڵانه م له به ر ده ستبوایه ده متوانی ناوی هه مویان بنوسمه وه، ئه وانه  له ناو زانکۆی سلێمانیدا توانیان هه ندێک که سی سوو ک و بێنرخ
په یدا بکه ن به ڵام ئه وانه هه ر له گه وهه ردا له ناو خوێندکاراندا بێڕیز بوو ن که سایه تیان کێشی نه بوو، بۆ گاڵته جاری زه مانه ش یه کێک له وانه ئێستا  ئه ندامی دڵسۆزی (،،،،،) ه و له زانکۆی(٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠) سه رۆک به شه ئه مڕۆشی له گه ڵدا بێت ,
یه کێکی دیان ئه ندازیاره و دوایش بۆ چه ند ساڵان ئه مین عام بوو له هه ولێر٠

بۆ کۆتاییهێنان به به عس و به عسی کردن له سلێمانیدا، کوڕه ئازاو مه رده کانی شار ، به پێی پلانێکی وورد و زیره کانه، ساڵی ١٩٨١له دوو سێ ڕۆژی یه ک به دوا یه کدا
به عسیان له خه ڵتانی خوێن هه ڵکێشا و ڕیشه ی به عسیان له سلێمانی له بنه وه
هه ڵکێشا و زه برێکی وایان له به عسدا که به ته واوه تی به ڵانسیان تێکچوو، تۆڵه ی که ڵه که بووی هه موومانیان له و عروبیانه کرده وه، خه نده یان خسته وه سه ر لێوا ن، جارێکی دی ڕۆحیانکرده وه به به ری خه ڵکیداو وره یان دایه وه به ر  خه ڵکی شار
به تایبه تی خوێندکاره پا که کانی زانکۆی سلێمانی، بۆیه من ده لێم به عسی قڕان له ڕۆژه وه له کوردستاندا ده ستیپێکرد و به رهه می خۆشیدا، له کاردانه وه یه کی گه وجانه دا به عس زانکۆی سلێمانی گواسته وه هه ولێر و ناوه که شی گۆڕی بۆ سه لا حه ددین، ڕاسته ئه و گواستنه وه یه کارێکی زۆری کرده سه ر شاری سلێمانی له باری
فه رهه نگی و ئابوریه وه به ڵام گواستنه وه ی زانکۆیه ک چاکتر بوو له به به عسی کردنی کۆمه ڵگه یه ک،چونکه له باری ئاسایدا ڕه وشێک ده ڕه خسێت ده توانرێت نه ک زانکۆیه ک به ڵکو زیاتریش ئاوابکرێت،به ڵام که کۆ مه ڵگه یه ک تووشی شێرپه نجه ی
به عس بوو جگه له بڕینه وه ی چارێک نامێنێ،  سڵا و له کو ڕه جه ربه زانه ی شار که بۆ یه که م جار جاڕی به عسی قڕانیان دا به گوێی خوێندکارانی لاوی ئه و سه رده مه دا٠
سڵاو له و خوێندکارانه ی که بێبا کانه به شداربون له کۆڕه شیعریه که ی یه که م
نه ورۆزی دوای تێکشکانه که ی ١٩٧٥ و گه ڕانه وه ما ن له شاخ، که تێیدا  هۆنراوه وره چێنه که ی کاک حه مه ی حه مه باقی ((بڕوخێ بێده نگی)) له زانکۆی سلێمانی بوه هه وێنی خۆپیشاندانه بوێره که ی ئه و ڕۆژه، نه عره ته

ی ڕوخیێ بێده نگی په رده ی شه وی تاری شاری دڕی، وتنه وه ی ئه و دروشمه هه ر به ڕاستی بێده نگی ڕمان،
درووود بۆ شه هیده کانمان٠